

# جوانە وەتەن

باغی سەرسەوزە هەموودەشت و چەمەن

ساقیا جوانە وەتەن جوانە وەتەن

ئەرخەوانی مەیی تۆم بۆچییە ، من

سوور و عەننابییە، ئەلوانە وەتەن

خۆشترین جێگە لە سەر ڕووی زەوییە

گوڵ و گوڵزار و گوڵستانە وەتەن

بە وڵاتت مەدە تۆ حەد و سنوور

گشتی ماڵی گەلی کوردانە وەتەن

ئاگر و خۆر و گزینگ و شەبەقە

مانگ و ئەستێرە یی تابانە وەتەن

ساز و گۆرانی یو ئاهەنگ و مەقام

نەغمەیی بولبولی خۆشخوانە وەتەن

داری خەملیوە بە سۆزەی شنەبا

هەر وەکوو نۆگوڵی خەندانە وەتەن

سەروەت وخەزنە یە، موڵک و زەڕ وزێو



مالْ و حالْ و سەر و سامانە وەتەن

شەونمن لولوئی لالای گوڵەکان

کانییە هەوری بەهارانە وەتەن

لالەکان خوێنی شەهیدانی گەلم

سەربەسەر سەروی خەرامانە وەتەن

گوڵ لەلای تەیری بەیان موحتەرەمە

"سونبول"ی و تەیری بەیانانە وەتەن

***



## قبووڵی كه

گەلێ شت هەن لە دونیا دا كه چەند و چونی نازانی

چ كەس جوابی نییە بێجگە لەسەر سوورمان و حەیرانی

لە ناخۆشی و لەخۆشی وان دەگەڵ تۆ پرس و ڕا نەكرا

هەر ئاوا بۆ و هەر ئاوایە لە داهێنان و پایانی

ئەوەی دەیتوانی بیگۆڕی بكۆشە تاكوو بیگۆڕی

ئەوەی بۆشت نەگۆڕاوە، قەبوولی كه بە هاسانی

هەموو مۆرەی قوماری ژین لە دەست تۆ دا كه دەیهاوێی

دەكەی كایە بە ئەو شێوە لە توانات دایە دەیزانی

زرینگی و هۆش و لێزانی ئەوەندەت پێ درا ئاخۆ

كه وەستایانە بازی كەی وە یا ناشی بی نەیزانی

لە هەر دوو جۆرەكەی رۆژێ كه كۆتایی دێ ئەم ژینە

دە شێ دڵ پڕ لە شادی كەی بە فیكری خۆتە دەیتوانی

لە دوو ڕۆژی تەمەن " سونبول "ئەگەر تاوێكی خافڵ بی

دەدۆڕێنی خەزێنەی ژین گەلێ بێ هۆش و نادانی

***



## شینی دایکم

گوڵێکی  دی  لە  باغی  ژین  وەری  دڵ بۆ یە  نالانە

بەزەی  نایا  بە کەس گەردون لە پیر و جوان لە تالانە

هەمیسان  من دەبێ دەریا بە کوڵ ئەسرین بکەم یەکسەر

چەلێکی   تر  سەرم  شین کەم دەبا ڕووکەم لە خمخانە

بە خەونیش  نەمدەدی  دایکم  بچێ و میوانی مردن بێ

لە تاو  کۆچی  لە ناکاو ی  دە روونم  پڕ  غە م و ژانە

هەموو دونیا وەکوو چۆڵگە لە پاش وی دێتە بەر چاوم

بیابانێکی     تاریکە     چ     دڵ تەنگە     چ     وێرانە

هەرایە  و  شین  و  گریانە  لە  غەمخانەی دڵی" سونبول"

لە توندی   ئاوری  مەرگی  جگە ر  سووتان و قرچانە

***



## کاروانی ژین

دەڕوا کاروانی ژین هەر وایە باوی

کە دەنگی پێی نەبیسی تاکوو ماوی

لە داخی وی وەها شادبە، بە پیری

نەخۆی داخ وخەفەت بۆ وە ختی لاوی

کە ژیانت هەر وەکوو دارێکە تینوو

بە زانین و عیلم تۆ بیدە ئاوی

بەهەر جۆرێ بژی دڵ شاد و ناشاد

لە بۆ تیری فەلەک نێچیر و ڕاوی

پڕی فێڵە زەمان و تۆ بە پێی خۆت

مەچۆ بۆ نێو تەڵەی بڕوانە داوی

کە ئاوێنەی دڵت ژەنگی لە سەر بێ

تەمەن هەرچەندە بێ هەر کاڵ و خاوی

بە بێ کاری بروا عومرت بزانە

کە ژینت تێ پەڕیوە قەت نەژیاوی

پەرۆشی پارەکەی ئێستا بکۆشە



که ئەم ساڵ تێ پەڕێ نەگری لە تاوی

ببە یاریدەری گەل تا دەتوانی

زە مانێ دێ کە خاوەن هێز نەماوی

دەڵێ "سونبول" کەسێ ژیاوە، بهێنن

لە پاش مردن بە باشی و چاکە ناوی

***



## خۆش ویستن

هەر چەندە خۆت بێنی و بەری من هەر بەهارم خۆش ئەوێ

ئاشق ببی تانجی سەری لێوی بە بارم خۆش ئەوێ

شەوگاری ڕەش هەر ڕۆژە گەر پڕ خۆشەویستی بێ سەرت

ئۆگر بە خۆرم هاوسەری لەیل و نەهارم خۆش ئەوێ

پڕ عیشق و دڵداری بکەی دڵ فەسڵەکانت پر گوڵن

ئاشق دەمێنم تا ئەبەد جێ ژوانی یارم خۆش ئەوێ

تاکوو وشەت پر گوڵ نەبێ چاتر کە نەمدوێنی گوڵم

دایم قسەی نەرم و نیان جوان و لە بارم خۆش ئەوێ

دەست هەر بهێنە پێشەوە ، بۆوەی لە ئامێزم گری

هەر سازگاری و هێمنی سۆلحی نیگارم خۆش ئەوێ

چاوت لە مەی دڵدادەگی گەر پر نەبێ مەڕوانە من

دیدەی پری بادەی ئەوین چاوی خومارم خۆش ئەوێ

هەرچی لە بۆ خۆتت دەوێ ئەوهەت بوێ بۆ هەر کەسێ

جا هەر بەهارن وەرزەکان "سونبول" بەهارم خۆش ئەوێ

***



# جێی تۆ

نیشتمان   نێو دڵ و نێو ڕوح و ڕەوانم   جێی تۆ

هەستی پێوار  و  خویا ، دیار  و  نیهانم   جێی تۆ

سەر   وماڵ ، هه م دڵ و گیان بێ بەفیدای ڕێبازت

ڕوگه می و  نیازی هه موو ڕۆژ  و  شەوانم جێی تۆ

خەمی   پێ شێلی  ئەتۆ خوین  لەدوو  چاوم دێنێ

دڵەکەی  وەک  قەفەسی  ئێش  و  خەمانم جێی تۆ

خۆڵی دڵ پاشی سه دان ساڵی تریش  هه ر  ده یڵێ

سەردەمی  بوون  و  نەبوون  مان و نەمانم جێی تۆ

دڵی  "سونبول"  لەته بۆ له تلەتی خاکت هه رده م

سه ر  و   چاو، گیان و دڵ و بانی هەموانم جێی تۆ

***



## کات(لحظه)

الا ای ساقی بزمـــــــم به فریادم برس یکـــــــــــــدم
مەیم بۆتێکه تۆ یەک جەم خەمی دونیا هەموو بەر دەم
به غەیری نێو خەراباتێ لەکوێ چاتر هه یه شوێنێ
کەمستی است و بیهوشـــــی علاج و چـــــاره ی دردم
به دنیا دل مـــبند جـــانـــا جفاها زیر ســــــــر دارد
لەمەکری ئـــــەو خەبەردارن تەواوی عالـــــەم و ئـــــادەم
بەهاردێت ودەروا وعومریش بەهارێکی تەمەن کورتـــــه
خزان است در کمین گـــــلشـــن عمـــــر و بقا هـــــر دم
بیا صحن چمن بنگر که رشـــــک جنت است و بـــــس
بەهەشت هەر لێرەیه هەم بێ بەهارو چیمەن و بـــــادەم
وەره ساقی چه لێکی دی پیاڵەم پڕ که له و باده ت
نماز زهـــــد زاهـــــد را به جـــــام بـــــــــاده ات دادم
دل و جانم فدای صلح و مهر و عشـــق و دلـــــداری
ئەگەر "سونبول" بشمکوژن له ڕێگەی عیشقێ لانادەم

***



## باغی پڕ گوڵی ژین

له  باغی  پڕ گوڵی  ژینیٚ  موحه به ت  بۆته   ئایینم
ئەگەر  بێتوو  نەکەی  غه یبه ت، له  ژێر پێتی ده نێم ژینم
که خۆمان خاوەنی عه یبین، نه که ین  با باسی خه ڵکی تر
له  نا شیرینی  ئەم  ئیشه  به  دڵ  نا شاد  و  غه مگینم
مه به  پا بەندی  گەردونیٚ ، له  ژێری  پەرده  دا  ناڵێم
ته نانه ت چه رخی  پڕ قینیش  له دڵ  بگرێ ڕق و کینم
که ئازارت  نەبیٚ  بۆ کەس  به  هیچ  چەشنیٚ  له دونیا  دا
ده شیٚ   بۆ عاشیقی  وەک  تۆ  فیداکەم   گیانی  شیر ینم
به ڕووی خۆش و دڵی پاکت دڵان پڕ عیشق  و  شادی که
سڕ   و   ڕازیش  نه درکێنی  له  سەر  هەورانه  دەت بینم
دەکەم   قوربانی   خاکی  پێی  ئەویندارانی   گشت   عالەم
بەهەشت وکه و سه ر وحۆر یش،ده گه ڵ باغاتی ڕەنگینم
له دونیا و سستی  پەیمانی  به داخم  بۆیه  ئەی "سونبول"
که ڕێز  گرتن   له  ده م   بۆته   په یامی   کۆن   و  دێرینم

***



## جایزە ی سوڵح

بەر لە سەد ساڵان لەمەو بەر پیاوێ زانا و دەوڵەمەن
ماڵ و دارایی وەگەڕ خستو لە بۆ کارێ پەسەن
خەڵکی سوئیدی ئوروپا و کیمیا زانی گەورە بۆ
دینا میتیش دا دە هێنێ و زا نیاری دە ورە بۆ
ئاڵفرێد نۆبڵ دەبێ ناوی و بە تە ر خان کردنی
پوڵ و پارەی بێ حیسابی بەر لە فە وت و مردنی
وە سیەتی کردۆ لە ماڵی ئەو هەموو ساڵێ بدەن
جایزە بۆ ئە و کەسانەی چا ترین کارێ بکەن
کار لە پێنج شت دا دەڵێ ئەو شیاوی پاداشێ هەیە
جایزە ی سوڵحیش لە نێویاندا یەکێ لەو پێنجەیە
گوایە تەک زانای ڕیازی چونکە نێوانی نە بۆ
نێوی ئەو عیلمەی نە هێناوە و نە پێزانی هە بۆ
هێنەری دینامیتە و نێو خەڵکە کە ی سازش نە کا
سەیرە بۆ سوڵحێ خەڵات و جا یزە ی دابین ئەکا
جا ئەگەر پێت وایە هەر کەس ئەو خەڵاتەی پێ درا
خاوەنی بەرحەق نییە و زوڵمێ لە حەق دارێ کرا
خۆی لە خۆی دا ئەم خەڵاتە هەر لە بەر داهێنەری
بێ بەها و بێ جێ و لە خۆڕایە لە پا تا کوو سەری
با بڵێین ئاواش نەبووبێ و ئەو کەسێ گەل پەروەرە
حەق بە حەق دار کەی بڕاوە باسەکەم باسی سەرە



جایزەی سوڵحە بە ڕواڵەت لەم زەمان و دەورەیە
بۆتە ئابووری و سیاسی وەک فریوێ گەورەیە
جا لە دونیایێ دەکوژرێ هەر بە گەل پیر وجەوان
یا بە ئاهۆ یا بە شەڕ"سونبول"ئەوەش تێکەڵ بەوان

***



## خۆشه ویستی بۆ مرۆڤ

دۆستان وه رزی به هاره ، هه ڕه ت و وه ختی گوڵه

وەختی دانانی شێعر، خویند نەکەی تەیری دڵه

باسی شەڕ باسی قەتڵ ، باسی گه لا ڕێزانه

باسی سیس بوونی گوڵه، نێوی دڵم پڕ له کوڵه

داخەکه م غونچه گوڵان، بۆ هه ده ف و ئامانجت

مه وەرێنه زووه کوا، جێگه که یان ناخی گڵه؟

تا بەکەی جەنگ و هه تا کەنگێ له خۆڕاکوشتن

گەر سروشتی نه بێ مردن، خوێنه وه باڵی مله

گوڵ له هەر ڕەنگ و له هەر بۆیێ له گوڵزارا بێ

قەدری لێ بگره دەڵێ، "سون" و له پاشانی "بول"ه

***



## وه كوو يه ك

له پا تا سەر دەبێە گوێ هەر بزانی
خەریکی غەیبەتن تاقمێکی گیانی
بەڵام بۆ باسی چاکی گوێ دەئاخنی
هەتا نەی بیسی ئەم باسەی بە جوانی
چ تۆفیرێ هەیە بەینی ئەتۆ و وان
ئەوان وەک تۆ و ئەتۆش هەر وەک ئەوانی
دڵی گش کەس پڕی ئاواتە وەک تۆ
چ کەس ناژی بە بێ هیوا لە ژیانی
وەکوو هەر کەس لە ڕوانگەی هەست و بیریش
ئەتۆش جارێ لە عەرز و گا ، لە بانی
خەزان دێت و دەبا عومری جەحیلی
وەکوو وان تۆش بەرەو چوون و نەمانی
بە سەرمان دا دەبێ تێپەڕ دەم و کات
نە جیاوازی و نە ڕاگیری زەمانی
ئەمە و ئێوە یەکێکین بۆ هەمووەمان
فەلەک ئامادەیە تیری کەوانی
لە گوڵزاری ئەدەب "سونبول" بە شێعرت
لە عیشقی گەل دەکەی تۆ زێڕ وەشانی

***



## نیوه ی ڕووناکی شت

به دڵ تۆ ببەستە دەگەڵ خۆت قەرارێ
بزە و پێکەنینت لە سەر لێو نەتارێ
بە هێز بی بەرانبەر گرفتی جیهانێ
نەشێوێ خەیاڵت بە حەیف و خەسارێ
بڕوانی لە نیوەی ڕووناکی هەمووشت
کە نیوەی ڕەشاتی بچێتە کە نارێ
لە حاند غەم سەبووری لەبەر خۆف بە هێزی
دژی ڕق هێدێتی بنێ نێو دەمارێ
بە نەرمی بدوێنی هەمووکەس بفەرموی
وشەی خۆش قسەی جوان کەلامی لەبارێ
لە بۆ گەڵ بخوازی ئەوەی خۆت دەخوازی
هەموو کاتی ژینت دەکەیتە بەهارێ
بدەی گوێ بە"سونبول" کەهەر چەڵ بە چەشنێ
قسە و باسی عیشقێ لە شیعری دەبارێ

***



## خودای جوانی

خودای ئێمە دژی شەڕە
قەتڵی بەشەر بۆی کەسەرە
ئەو ئیزن بە کوشتن نادا
داماوە هەرکەس لێی لادا
ئەو جوانە و جوانی پەرەسە
بە بۆنی تەبایی مەسە
دژی تەفرەقە و دوورییە
داوای لەتۆ سەبوورییە
کوردین هەموو برادەرین
بەش خوراوی بەرابەرین
جوابی دوژمن دەدەینەوە
گەر پشتی یەک بەردەینەوە
دەخوێنین هەتا دەتوانین
بۆ دوا ڕۆژی ڕوون دەڕوانین
کوردستان ئاوەدان دەکەین
هەرچوار بەشەکەی جوان دەکەین
وڵاتی لەت وەیەک دەخەین
هەموو بۆ یەک کوڕنوش دەبەین
لەئاشتی و خۆشی دا دەژین
ژیانی ڕاستی و ژینی یەقین
هەموو دەستی یەکتر دەگرین
دوژمن لەکەم کەمتر دەگرین



یەکپارچەی دەکەین کوردستان
خۆشتر لە باغ و گوڵستان
شادی دەکەین خودای جوانی
بە سەربەستی و کامرانی
وەدی دێ "سونبول" ئاواتی
سەربەخۆ دەبێ وڵاتی

***



## ئاشتی

لە ئەو جی جوانییە دیسان چەمەن وا پڕگوڵە ئەمڕۆ
دەزانن هۆی چییە یاران دڵم وا پڕ کوڵە ئەمڕۆ ؟
لە ڕۆژی وا کە بای وادە پەیامی سوڵحە بۆت دێنێ
شەڕ و جەنگێ کە بەرپایە بەدەستی جاهیلە ئەمڕۆ
دەمی سوبحە وەرە ساقی خەم و دەردم گەلێ زۆرە
دڵۆپێ تێکە لەو بادە ، دەوای ئێشی دڵە ئەمڕۆ
هەموو ڕەنگێ لەبەر چاوە، بەگوڵ خەملیوە ئەم باغە
تەواوی جوانی دونیایە هەیە لەم مەنزڵە ئەمڕۆ
گوڵی ڕەنگین لەگوڵزار بێ و مەلی شەیدا لەسەر داران
لە زاهید یا کەسی بێ دل نسیحەت باتڵە ئەمڕۆ
لە لای من جوانترە ئینسان، لە هەرچی جوانی دونیایە
دڵم سەر ڕێژی عیشقی گەل، ئەگەر کوو قابیلە ئەمڕۆ
لە قەترەش کەمترە "سونبول" لە دەریای عیشق و دڵداری
لە بەر دەرکەی ئەوینێ دا، گەدایە و سائیلە ئەمڕۆ

***



## جیاوازی

فەلەک کوا عەدڵ و ئینسافت لە کارا
یەکێ برسی یەکێ تر تێر و دارا
یەکێ فرمێسکی تەنیایی دەڕێژێ
بەگشتی ڕەنجەکانی ژین دەچێژێ
یەکێکی تر شەوی وەک ڕۆژی ڕوونە
بە مەیلێتی گەڕی ئەم چەرخە دوونە
یەکێ هەر چی دەکێشێ زەحمەتی کار
نییە بەهرەی وەکوو هەورێکی بێ بار
یەکێ تر بێ حەوڵ یا کۆششی زۆر
دەبێتە خاوەنی نیعمەت هەموو جۆر
یەکێ شادە و هەموو ژینی بەهارە
ئەوی تر دڵ بە خوێن و لێو بە بارە
لە بێ جوابییە "سونبول" مات و گێژە
گەلێ پرسیاری دیکەی هەن، لەمێژە

***



## له خۆ بایی بوون

شەوێ به مانگی کوت جوانێ
یەکی دیکەی وەک من کوانێ
کێیه وەک من زولفی ڕەش بێ
برۆی کەوان چاوی گەش بێ
کێ وەک منه جوان و ناسک
یاکوو چاوی وەکوو ئاسک
ئەستێره لای ئەمن ڕەشه
خۆر له ڕووناکی بێ بەشه
یاقووت سوورایی نامێنێ
سەدەف تابشتێ ناهینێ
یەک له بەر سووری لێوانم
یەکیش مرواری ددانم
قەدم باریک باڵام بەرزه
سەرویش نابینی بەم تەرزه
تا پێ دەنێمه باغی گوڵ
گوڵان به جێ دێڵێ بولبول
عەرزیش دایم منەت باره
پێی له سەر دانێم جار جاره
ئەی مانگ ئەتۆ بۆ هەر لێرەی
لای من چووکتر له ئەستێرەی
دەبێ برۆی تا من هاتم
پەرۆشی ئابڕو و حەیاتم
مانگ هاته جواب به ئەسپایی
ڕێک و پێک و به وەستایی
وتی وایه گەلێ جوانی
له بەر چاو و بەر دڵانی
بەڵام هەتاکوو دەتەوێ
جوانم دیون لێره و لەوێ
هەموو وەک غونچه پشکووتن
ئێستا له بن عەرزی ڕووتن
ئەتۆش یەکێکی لەو خەڵکه
له خۆ بایی بوون بێ کەڵکه
کەسێ تەنیا خۆی خۆش ئەوی



له ژینی تاوێ ناسرەوێ
هەموو دەکەن دووری لە ئەو
ئەویش تەنیایە ڕۆژ و شەو
کاخی خۆبینی هەر پووکە
بە بایێک دەڕووخێ و سووکە
ئەی جوان تاکەی بت پەرەسی
لە بادەی خۆ بینی مەسی
خۆ ڕەها کە لەو ئازارە
داری زینگی پڕی بارە
سەدان لقی جوانی پێوە
حەیفە خافڵ بی بەم شێوە
رۆژێ لە کۆتایی ژینت
سەنگە دەبێتە سەرینت
زانستی خۆت بەرێ سەرێ
لەو حاڵە نابێ ئەسەرێ
سونبول" دەڵێ چاو بکەوە"
قوماری ژینێ ببەوە

***



## ڕابواردن لە کات دا

قەدر و هەڵسەنگاندنی خۆت ڕوون کەوە، جا ژین بکە
بەو مەحەکە کار و ئامانج و هەدەف دابین بکە
ئەو دەمە بۆ کردنی زۆر کار و باری زیندەگی
تووشی کێشە کەم دەبی، ڕێگەی ژیان زێرین بکە
خۆ لە ڕابردو ڕەها کە تا بەرەو پێشێ بچی
بۆ هەڵەی ڕابردوو بەس دڵ پڕ لە غەم ناڵین بکە
هەر لە ئێستادا بژی تاکوو لە ژینت سەرکەوی
بەرزەفڕ بە بەرزەفڕ تۆ وەک هەڵۆ و شاهین بکە
گەر پەشیمانی لە نێو ڕابردووا ئێستەش دەژی
تۆوی ڕزگاری لە نێو گوڵزاری دڵ دا شین بکە
گەر دەترسیشی لە نێو داهاتوو دا ژینێ ئەکەی
بێ پەشیمانی و ترس نێو مۆنجی "ئێستا" بین بکە
تێ بکۆشە تا دەتوانی چاترینی خۆت ببی
خۆ بناسە و پێشکەوە ئەسبی مورادێ زین بکە
ژینی ئارامت دەوێ پەردە لەسەر چاو لا بدە
هەر خودا نێوگیانی گش کەس دا بە چاوت بین بکە
یەک هەناسە بایەخی دونیای هەیە "سونبول" وەرە
لەو دەمەو لەو ساتە هەر لەو کاتە داتۆ ژین بکە

***



## چه ند به ره كی

داخی  لێک جیا بوونەوە ی کوردان بڕی هێزی دڵم

دەردی  بێ دەرمان  و  زامێکه  له تاوی  پڕ کوڵم

کوردی  شۆرشگێر و  ئەی گەوزاوەکانی خاک و خوێن

ئەی  له رێی  رزگاری گەڵ خەوتوو له بن خۆڵ و گڵم

کاتی  هاتۆ  تا بزانین  بەو  زیانەی  یەک  نه بوون

ئەرخەیان بن  خوێنه  هه ر  ئاودێره  بۆ داری گوڵم

من  ولاتم  دابەشه، بۆ خۆم  له بۆ  لەت لەت  ببم

خوێن  مژان  بۆ  تێم بگەن  ئێستەش  نەزان  و  خافڵم

چەند  به رەکی  بەند  و  زنجیره  ئەسیری  و دیلی یه

ده ستی  یەکتر  بگرن  و  لابەن کەمەندی  سه رملم

پێکەوه  بۆ  پێشەوه  هه ر  ئێمه  دلسۆزی  یه کین

تا  ئەبەد  بۆ  چاوی  بەدخوازانی  کورد  درک  و  تلم

سه ر  له  پێناوم  به  ئاواتی  وڵاتی  سەر بەخۆم

کوردم و عاشق به کوردم گیان لەسەر دەست"سونبول"م

***



## چمان به سه ر دێ

دەپرسم من لە خۆم ئاخۆ ئەمن کێم
کە بۆ خوڵقاندنم کێ پرسی کرد پێم
وە یا کوو بۆچی هێنایانمە ئێرە
کەلەم دونیایە تانجی غەم لەسەرنێم
دەنا بۆ ئەو پەژارە و دەرد و داخەی
بە خەونیشم نەدیبن دێنە سەر ڕێم
غەمی ژینێ لەسەر شانم گرانە
دەگەڵ مەرگم مەگەر ئەو بارە دانێم
لە پاش مردن کە بوومە خۆڵ،لە خاکم
دەبا گیاو گژ نەبن شین و نەڕوێن لێم
دەکا کارێ غەمی تێکەڵ بە خۆڵم
کە بێ بارانی بۆ کشت و زەوی دێم
وە یا ڕۆح بۆ بچێتە نێو لەشێ تر
خەفەتبارێکی دی بۆ بێتە سەر جێم
دە نا گە ر دوا ڕزینی لە ش، ڕوحیشم
بچێ بۆ لای خودا ئەمجارە دەیڵێم:
خودایە کوا لە هێنان و لەبردن
ئەتۆ زانیت چییە مەیلم دەڕۆم، تێم
لەبەرچی تۆ گرێت دابوو هەمیشە
بەزنجیری خەفەت هەم دەست و هەم پێم؟
گەر ئێستە ش جەننەت و دۆزەخ لە پێشە
نە ڕازییم من بە ئەمیان و نە بۆ وێم
دەبا ئەو ژینە جارێک بێ کە ڕۆییم
بە هیچ چەشنێ هەمیسان نامەوێ بێم
لە ئاخر "سونبول" و داخێ لەسەر دڵ
کە پرسم پێ کرابا نەم دەکوت دێم

***



## جوانی مرۆڤ

له چیمه باسی نامه علووم له نێو ئەو باغه دڵ خۆشم
به بۆنی گوڵ له گوڵزارێ ئەوا من مەست و سەر خۆشم
له ئەوجی دڵڕفێنی دا بەهەشتی نەغدە هە ر لێره
له عیشق و جوانی لێو ڕێژه که خافل بی دەمێ، دێره
دەکەم پێشکەش بە زاهدمن هە مووکۆشکی به هە شت ئێستا
که ئەو گوڵزار و باغاته له خزمەت ئێمه راوێستا
له نێو گوڵزاری دونیا دا مرۆڤه وەک گوڵێ جوانه
هەموو ژینیشی وەک گوڵ وا، که هەر دوو ڕۆژه بڕوانه
دەڵێ "سونبول" به گیان و دڵ کەفقەت هیچی تری ناوێ
ئەگەر بێت و مرۆڤ دایم دڵی خۆش بێ لەهەر تاوێ

***



## مه کۆی ئازایه تی

کوردستانی مه زن ، ئه‌ی نیشتمان ، دڵداره که ی من
ئه تۆ ئه ی دڵبه رم، ئه‌ی شۆخه‌که‌م، نازداره که ی من
وه‌ته‌ن سۆمایی چاو ، هێزی هه ناو، نووری هه تـــــاوم
وه‌ته‌ن ئه‌ی مه‌ڵحه‌می زامی دڵم، خه‌مخواره که‌ی مـــن
وڵاتی شیرینم، ڕازاوه‌کـــه‌م، ســـــه‌ر تۆپـــــی جوانـــی
وه‌ته‌ن ئه‌ی باغی پڕ عه‌تری گوڵان، گوڵزاره که ی من
ئه‌تۆ ئه‌ی خاکه که ی پڕ گه‌وهه‌ر و لێوڕێژی ئه ڵماس
ئه تۆ تاقـــانه‌کـــه‌م، ئه‌ی زێڕی پڕ عـــه‌یاره‌کـــه‌ی من
به ڕۆڵه‌ی کۆڵ نه‌ده‌ر مه‌ڵبه‌ندی بێ وێنه ی به دایـــم
مه‌کۆی ئازایه‌تی، جێگه‌ی به‌خوین پڕژاوه که ی من
ده‌ڕه‌نگێ لاپه‌ڕه‌ی نه‌خشینه‌که‌ی مێژووت به نـــــاوی
هه‌موو پیاو و ژنی کوردی نه‌به‌ز، سه‌رداره‌که‌ی مـــن
ده‌با دایکی ئه‌تۆ بۆهیجری چوار کۆرپه ی نه ناڵێ
که‌هه‌ر ڕۆژێ ده‌بێ یه‌ک پارچه بێ چوارپارچه‌که‌ی من
ئه‌من ئه‌و کۆیله‌یه‌ی ئاڵقه له گوێی کورد خۆشه ویستم
ئه‌من دڵدارم و تۆ ڕوگه‌م و تۆ یاره‌کـــــه‌ی مـــن
له ده‌وری ئاگری عیشقی ئه تۆ "سونبول" به چه شنی
په‌پولێکه و ئه تۆی ڕووناکی بۆ شه و گاره که ی من

***



## حاڵه تی ته مه ن(چگونگی سن)

خیز و دریـاب بوی گـــل به چمـــــن
تا جه حێڵه باغ و ده شـت و ده مه ن
فصل پاییز در کمین گل است
حاڵه تی وه ک گوڵه عومر و ته مه ن
دل که خالـی زعشــق و شیدا ییســت
ژین به تاڵه ، وه ک قومار و گه مه ن
نکویی کن که کام دل یابــی
خراپه، بۆ دڵ به ستنــی قه مــه ن
باغ رنــگین پرگل است "ســنبل"
بولبول ئه یلێ شیعری تۆ، له چه مه ن

***



## زارۆکە

وەرە ساقی بدە پێم پیالەیێ مەی
بدرکێنم خەمم بێدەنگی تا کەی

بکەم باسی هەژاری نەو نەمامان
هەموو زارۆکەکانی سەر شەقامان

ئەوان سەرمایەکەی ئاسۆگی ڕوونن
بەڵام چەوساو و داماو و زەبوونن

لە جیاتی فێرگە یا فێر بوون و یاری
بەشی وان ئیشی زۆر و لێو بە باری

هەموو برسین و بێ هیوا و هەژارن
بە دڵ خەمبار و مات و لێو بە بارن

بناخەی قایمی داهاتی کوردان
ئەگەر مافیان نەبێ چۆن بچنە مەیدان

گەلان پێشکەوتن و کوردیش لە دوایە
لە ڕیزی وان ببایین ئێمەش دەبوایە

بە بێ منداڵی ساغ و تێر و شادە
کە هەر کۆمەڵگەیێ ڕەنجی بە بادە

هەموو عالەم بە هاوکارێوە ماوە
دەگەڵ یەک بوونە سەرکەوتی بە دواوە

لە هەر کاتێ منالێ ڕەنجی بردۆ
لە جێگایێ یەکێ زوڵمێکی کردۆ

دەنا گەر یارمەتی و هاوکاری زۆر بێ
دەبێ ئەو کار و بارە چەشنێ جۆر بێ:



چ کەس بۆ کاسبی منداڵان نەنێری
لە ڕووی یاسا نەبێ ئیزنی و نەوێری

بەجێی وان گەورەکان ئەم کار و ئیشە
لە ئەستۆ بگرن و بیکەن بە پیشە

نەچێژێ هیچ منالێ هیچ زەبوونی
بچێتە فێرگە بۆ داهاتی ڕوونی

ئەوە جوابی منە گەر لێم دەپرسی
نەبێ ئاوا، دەبێتە جێی مەترسی

بەڵێ ساقی شەڕابت خوێنی دڵمە
مەرامم ئاوەدانی ئاو و گڵمە

مەلی گوڵزاری کوردم تا دەمێنم
دەڵێ "سونبول" بە گیان و دڵ دەخوێنم

***



## کورتی ژین

ئەم ژینە جوانە حەیفێ هەم کورتە هەم چەلێکە
دەرفەت نییە هەمیسان ئەم نیعمەتە هەلێکە

دوای کۆچی ئاخرینت نایەیتەوە دوبارە
ئەم هاتوو چۆیە گشتی یەک جارە نیتە چارە

با ماوەیێ نەزانم چەن کورتە ژینی عالەم
مەیگێڕ هەتا دەتوانی پڕ مەی بکە پیاڵەم

واعیز بەسی کەنسحەت، ئاگا لە کاری دونیا
نابێ و نەبۆ تەنانەت نێو جەمعی ژیر و وریا

تۆبەم شکاند کە دیتم وەرزی بەهارە ساقی
بۆم تێکە مەی هەتاکوو سبحەینێ کێیە باقی

بۆ بارگاهی عیشقێ فەرقی نییە گەدا و شا
هەر دڵ پڕی ئەوینێ پاشایێکە لەوێ دا

چون پڕ لە مەی ئەوینە نێو جامی دەستی "سونبول"
لێرە بەهەشتە جێی ئەو، ژووروی هەتاوی مەنزل

***



## لە خۆ بایی بوون

شەوێ بە مانگی کوت جوانێ     یەکی دیکەی وەک من کوانێ
کێیە وەک من زولفی ڕەش بێ     بڕۆی کەوان چاوی گەش بێ
کێ وەک منە جوان و ناسک     یاکوو چاوی وەکوو ئاسک
ئەستێرە لای ئەمن ڕەشە     خۆر لە ڕووناکی بێ بەشە
یاقووت سوورایی نامێنێ     سەدەف تابشتێ ناهینێ
یەک لە بەر سووری لێوانم     یەکیش مرواری ددانم
قەدم باریک باڵام بەرزە     سەرویش نابینی بەم تەرزە
تا پێ دەنێمە باغی گوڵ     گوڵان بە جێ دێڵێ بولبول
عەرزیش دایم منەت بارە     پێی لە سەر دانێم جار جارە
ئەی مانگ ئەتۆ بۆ هەر لێرەی     لای من چووکتر لە ئەستێرەی
دەبێ بڕۆی تا من هاتم     پەرۆشی ئابڕو و حەیاتم
مانگ هاتە جواب بە ئەسپایی     ڕێک و پێک و بە وەستایی
وتی وایە گەلێ جوانی     لە بەر چاو و بەر دڵانی
بەڵام هەتاکوو دەتەوێ     جوانم دیون لێرە و لەوێ
هەموو وەک غونچە پشکووتن     ئێستا لە بن عەرزی ڕووتن
ئەتۆش یەکێکی لەو خەڵکە     لە خۆ بایی بوون بێ کەڵکە
کەسێ تەنیا خۆی خۆش ئەوی     لە ژینی تاوێ ناسرەوێ
هەموو دەکەن دووری لە ئەو     ئەویش تەنیایە ڕۆژ و شەو
کاخی خۆ بینی هەر پووکە     بە باێک دەڕووخێ و سووکە
ئەی جوان تاکەی بت پەرەسی     لە بادەی خۆ بینی مەسی
خۆ ڕەها کە لەو ئازارە     داری زینگی پڕی بارە
سەدان لقی جوانی پێوە     حەیفە خافڵ بی بەم شێوە
ڕۆژێ لە کۆتایی ژینت     سەنگە دەبێتە سەرینت
زانستی خۆت بەری سەرێ     لەو حاڵە نابێ ئەسەرێ
"سونبول" دەڵێ چاو بکەوە     قوماری ژینێ ببەوە

***



## عیشقی گەل

پەشیمانم پەشیمانم لە غەم خواردن پەشیمانم
کە بێ ئامان و بێ دەرفەت خەفەت دای گرتبوو گیانم

نییە ئەو لەشکەرە ئیزنی ئیتر داگیری حاڵم بێ
پەژارە و مەینەتیش وێڕای کەسەر میوانی ماڵم بێ

مەکە قەت بیر لە ڕابردوو چ تاڵی بێ چ شیرینی
کە ئێستیکەت چ کاتێکە، دەبێ هەر ئێستە بیبینی

نە داهاتوو لە تۆ دیارە و نە ڕابردووش دەکەی چارە
ئەتۆ لێت ڕوونە دەیزانی کە گەردون چەندە بێ عارە

بەهار و فەسڵەکانی دی هەموو دێن و دەڕۆن بۆچی
غەمی دونیا بە با ناکەی لە ئاکاما ئەتۆش کۆچی

لە ئەوکاتەی کەتێی دا هەی هەتا دوایە گەلێ دوورە
لە دونیای بێ بە قا و مروەت ئەوەی عومرە کەمە سوورە

ڕق و تۆڵە و خەفەت دەرکە و بە عیشقی گەل دڵت پڕکە
سەرت مانگ و هەتاو بێت و لەشیشت پڕلە ئاگرکە

بنێ حورمەت لە توانابیت لە ئەو دونیایە تا ماوی
کە بێ هێزی بەدوای دادێ و فەلەک هە رداوە بۆی ناوی

هەزاران ئافەرین "سونبول" لە ئە و پێنووسە ڕەنگینە
کە کوردیت هەڵبژاردۆ تۆ لە بۆ ئەو شێعرە شیرینە

***



# ژن

دڵ به ئاواته ، كه ژن مافی ڕەوای بستێنێ
لابەرێ مانعی ڕێ، ئاڵقه و گەو بپسێنێ

بێته بەر بەست و دژی ناهەق و زوڵم و زۆرێ
وەرگرێ مافی له هەر شێوه و تەرز و جۆرێ

بۆ سەفی عیلم و هونەر ڕابتەكێنێ ئاڵا
ئەوه زانسته كه جێی فەخره نه بەژن و باڵا

قیمەتی ژن نه به زێر، یا كه به جلكی جوانه
هەر به ئینسانەتیه قەدری له ژوور هەورانه

با نەبێ چی دی له نێو ڕواڵەتی خۆی زیندانی
جوانی هه روەک هه موو شت، ڕۆژێ هه یه پایانی

ژن بزانێ كه به یەكسانی هەیه بۆ هەر كەس
هه قی ژینێ نەكوو بۆ دەستەیێكه و ئیتر بەس

ئەوه مافێكه دەبێ ژن وەری بگرێ بۆ خۆی
"سونبول" ئەو حەولی نەبێ كێ هەیه بیستێنێ بۆی

***



## قافلەی ژین

هەستە بیپۆشە جل و بەرگی دەری و میوانی
گیانە بۆ خۆت سەفەری ، ئێستە ئەتۆ میوانی

بۆچتە هەرچی هەتە، کەڵکی نەبێ بۆ ئەمڕۆت
ئاخری بوونە، نەبوون، شابی ئەگەر گاوانی

خاوەنی موڵکی ئەوین بێ خەم و شادە هەردەم
ئەو لەنێو داوی خەفەت نایەوێ بێ زیندانی

جێگری کە بە ئەوین و لەزەتی لێ بوردن
غەیبەت و تۆمەت و بوختان و درۆ و شەیتانی

پڕی دونیایە هەموو جوانییە تۆش تا ماوی
هەستە چێژی کە بچۆ سەیری دوڕ و مەرجانی

قافڵەی ژینێ بەکەس دەرفەتی ساز بوون نادا
چەن بە بێ هەست و سەبر تێ دەپەڕێ کاروانی

گەر لە رێی عیشق و ئەوین "سونبول" ئەتۆ خۆ لادەی
تاکوو دوا ڕۆژی تەمەن لەم هەڵەیە حەیرانی

***



## دڵی بێ خەفەت

له دڵت دەرکه خەفەت تاکوو ئه وین جێگه ی بێ
مه یه ڵه تۆڵه و ڕق بۆ دڵی تۆ ڕێگه ی بێ

ئەم دڕ و داڵه له گوڵزاری دڵت دەر هاوێ
خوا له وێ حازره قەت هیچی تری پێ ناوێ

دڵی وا نێتی خەزان پڕ له بەهاره دایم
بای خەفەت نایخا که ئەو دارێکه قورسه و قایم

بێ وچان شادییه هەر سوڵح و سەفایه لێره
عیشقه میوانی دڵت پڕ له وەفایه ئێره

خاوەنی ئەم دڵه وا پڕ له ئەوین و تینه
جێی نییه بۆ خەفەت و حەسرەت و تۆڵه و کینه

به شەڕابی دژی خەم مەسته له عیشقێ هەر دەم
ژین که مه، بۆیه که قه ت نێتی خەمی زیاد و کەم

"سونبول" ئەو شیعره پڕی عیشقه که بێ پایانه
باغه یا گوڵشەنه یا گه نجی دوڕ و مه رجانه

***



## پە یامی ئە وین

نووسی مێژوو نووس بە هە موو جۆرە
هە ڵە و ڕاستییان ڕازێ بە مۆرە
بە مەیلی یەکێ نووسییان هەرجار
دوێنێ وەک ئەمڕۆ و ئەمسال وەکوو پار
جار جارە ش بە ڕق یا بە ئیشتیای خۆ
هەر نووسیویانە و تۆماریان کردۆ
ئە وانە هە مووی بە جێ دە مێنن
زۆر بە شیان ون و ڕازی نە هێنن
هاتن هە میشە چوونی لە دوایە
کاری دونیایە وا بۆ و هەر وایە
زۆر دارێک هات و یەکی کە ڕۆیی
چە وساوە ش بە شی هەر ڕەنجە ڕۆیی
لە ئازادیخوا و زۆردار و خونکار
نێو هێندە زۆرن نایەنە ئەژمار
خراپەیان کرد دەگەڵ یەکتریش
ئێستەش هەر دەیکەن زۆر شتی تریش
مێژوو داستانی نوێ و لە مێژینە
زۆر جاران تاڵ و جارێ شیرینە
هەر دوو جۆر ئەشێ دە رسی لێ گرین
پێی سارێژ بکەین گشت زام و برین
بە پێچە وانە، شتێ فێر نابین
لە لاسا کردن هیچ گا تێر نابین
ئێستە ش دەکوژن هەر دەدەن لە دار
بە ئامێری نوێ و شێوەی تازە کار
هەر چە ل بە چەشنێ چووە بەزایە
ئەم گشتە ڕەنجە بۆیە پێم وایە:
نە دین نە حیکمەت نە عیلم و زانین
بۆ ژانی گەلان هیچی دەوانین
چون داهێنەریان هەر جار بە جۆرێ
بە گوێرەی پێویست باوی ئەگۆڕێ
ئە و پە یمانانە ش دە ینووسن هە ر چە ل
هە ر بۆ فریوە و بێ سوودە بۆ گە ل
مێژوو بە خوێنی مرۆڤ نووسراوە
بووکە و تارای سوور پێ دا دراوە



وه‌رن پێكه‌وه به‌گشت هێز و توان
به‌چووک و گه‌وره و به‌پیر و به‌جوان
شكۆفه‌ی ئه‌وین بهێنین بۆ ژین
كه هه‌ر ده‌مێنێ و دووره له‌وه‌رین
حه‌ول بده‌ین هه‌موو بۆ سوڵح و شادی
بۆخۆ و بۆ یه‌كتر بێنین ئازادی
"سونبول" تۆ دڵت پڕ عیشقی گه‌له
په‌یامی ئه‌وین هه‌ر كاتێ هه‌له

***



## وه جواب هاتن

له هەر چوار قوڕنەکەی دونیا ئەتۆ شادی وه دووت کەوتم
له ترسی وەی که لێم ون بی هەتا ئەمرۆ نەئەسرەوتم

ئەگەرچی عاشیقی جوانی و سەوفا و سولحم له هەر کاتێ
له دەستی بێ دڵان هەر شەو لەگەڵ ڕەنج و خەفەت خەوتم

وەها خۆت شاردەوە تاکوو نەتوانم شوێنی تۆ بگرم
له بیرم چۆتەوە چۆنی وه هەروا ڕێگە وو ڕەوتم

که ڕووناکی دەدا بوونت له بەر چی هەر منی داماو
ئەسیر و دیل و دڵ پڕ غەم دەگەل تاریکی شەو جەوتم

وه جواب هاتوو کوتی شادی ، گەڕانت بێخودە "سونبول"
له نێو تۆ دام له نێو خۆت دا، مەڵێ ئیتر وەدووت کەوتم

***



## به خشینی موحه به ت

له  بەخشینی موحەبەت دا له ئەم  دونیایه  ڕەنگینه
هەتا   زۆرتر  دڵ ئاوا بی  دەکەی قازانجێ لەم ژینه
که دڵ خۆره و ئەوین  تیشکه له  رۆژئاوایی دووری که
هەزاران  ڕۆژهەڵات نایکا تەواو ئەم نوور و ئەم تینه
ئەوین  هەر چەنده دابەش  کەی بەعەکسی ماڵی دونیایه
کەمی  ناهێنێ کەم ناکا  له دەست  تۆ دایه   ببینه
دڵت  ئاواڵه که تاکوو  شەپۆلی  عیشق  و  دڵداری
بکوژێنێته وه   یەکسەر   گڕی ئاوری ڕق و کینه
له تاریکی  نەزانین  و ڕەشایی بێ خەبەر  بوونێ
بەرەو   رزگاری چوونی تۆ  نەزانین  و   نەپرسینه
پڕی ڕێگا  دڕ  و  داڵه  و  دەزانێ  هەر که ڕێبواره
له  ڕێ لابردنیان  مەیسەر  به  ئاگایی  و   به زانینه
له  زیندانی  لەشت  حەبسی، ڕەهاکه خۆ له بەندی ئەو
ئەوەی  ژەنگی  له  دڵ  دایه  ئەسیری   خۆ پەرستینه
چ شت نایا به دەست هاسان له ئینسان مانەوەی هەرکەس
هەتا  سەر  بەردەوام  بوونی  دەلیلی  کار  و  کۆشینه
ئه وا  هونراوەکەی "سونبول"  که  تیشکی ڕۆژه بڕوانه
هەموو  ئیشی  ئەوینداران  ئەوین  پێ دان و بەخشینه

***



## باوه ڕ

له ئەفسانە و له فیکری کۆنە لادە
درۆ و ترس و خورافاتێ بە بادە
هەتاکەی کۆن پەرستیو خەون و غەفڵەت
هەتاکەی باوەڕی ساکار و سادە
غەمی بوون و نەبوون بێ سوودە کاتێ
کە گۆی چەرخێ سەری کاوە و قوبادە
بە دونیا دڵ مەدە ئەو چەرخە پیرە
هەزارانی وەکوو ئێمەی لە یادە
فەلەک بێ چاو و گۆیە، ئەو بەهەر کەس
دەکا کایە چ غەمگین و چ شادە
دەسا ساقی لە داخی چەرخی گەردون
کە بێ ڕەحمی لە حەد دەرچۆ و لە ڕادە:
لە دەریای پڕ شەرابی عیشق و خۆشی
پیاڵەی "سونبول" ێ پڕکە لە بادە

****



## سووڕی دونیا

جیهان و هەرچی تێی دایە بە تێکڕایی وەکوو کایە
وەکوو کایە بە تێکڕایی جیهان و هەرچی تێی دایە
مەدە ئازاری خۆت یەک دەم لەدونیای بێ بەقاو مروەت
فە لە ک بێ ڕەحم و بێ شەرمە دەزانێ هەرکە زانایە
لە دەستت دەردەچێ ژینت بە بێهودە و بە خۆڕایی
ئەگەر بێتو بە هیوا بی نە ڕۆی ڕۆژێ لە دونیایە
کە گەردون خۆی حەشارداوە لە بۆ تاڵانی عومری مە
لە داخی وی دەسا ساقی لەمەی بۆم پرکە مینایە
هەمووکاتێ دڵت خۆش بێ کە ئەو دونیایە بێ دەنگە
لە هاتوو چۆی شەو و ڕۆژ و لەسووڕی دەنگی پێی نایە
نەبوو هەڵسووڕی گە ردوونێ لە دەوری بێ وچانی خۆی
گە ڕابوو بێ بە مە یلی کە س تەبیعەت کاری هە ر وایە
بە هەڵبەستی ئەتۆ "سونبول" جیهان پڕ بوو لە شیرینی
ئەگەر ڕاستە و ئە گە ر تاڵە وەکوو کانی شەکر وایە

****



## لە بیرت نە چێ

دەڵێن باوکێ بەر لە مردن
ئەولادانی وەکۆ کردن
کوتی: ئێتر باوکوو ئەمرێ
پێو وا نە بێ هیچش ئەکرێ
ڕێگەیێکە و لەبەرمانە
مردن دەردێ بێ دەرمانە
منیش جیاواز نیم لەو خەڵکە
مەگرین دوای من کە بێ کەڵکە
وەسەر یەکم نا تا توانیم
ماڵی دونیایە بە جوانیم
نەمزانی سەرمایەی گەورە
جێی شانازی لە هەر دەورە
جێ هێشتنی نێوی چاکە
چاکە لە دونیایە تاکە
ئێستاش کە پیر بوووم و کەوتە
نەخۆش بووم و کاتی مەوتە
دەوای زامی دڵی ڕێشێ
کوڕی گەورەم وەرە پێشێ
با پێت بڵێم چم لێت دەوێ
جا دەچمە ناو دوایین خەوێ
پاش مەرگم و دوای تاتە شۆر
پێشتر لەوەی بمخەنە گۆڕ



ڕۆڵە هێژاکەم نەسرەوی
گەر لە پێم نەکەی گۆرەوی
ئەمە ئاواتی دواییمە
ئی ژینی پڕ نەهاتیمە
باوکە مرد و ئەولادەکان
بە جێ ماو و داماوەکان
بە تەمان گەرچی دڵ خوێنین
هیوای باوکیان بە جێ بێنین
بەڵام هەرچی هێنا و بردیان
بە هەر شێوەیێ کە کردیان
ئەو کارەیان هەر بۆ نەکرا
عاجز ببوون خوشک و برا
وتیان پێچەوانەی دینە
دژی ڕەسمیشە، یەقینە
خوشک و براکان پێکەوە
ڕایان هێنایە سەر ئەوە
بێ گۆرەوی لە گۆڕ خرێ
گەر بخاتە دڵیش گرێ
بەردەوام بوو کاری دونیا
بێ فایدە بوو حەیف و بریا
لە لایەنی کوڕ و کچێ
باوکە هاتوو لە بیر بچێ
هاتە خەونی کوڕی گەورە
لەم ژینە پڕ جەفا و جەورە



کوتی ڕۆڵە زانیت چ بوو
گۆرەوی بۆ لەپێم نەچوو
چونکی لەو هەموو سامانە
وەکۆم کرد بوو لەم جیهانە
نەمتوانی جووتێ گۆرەوی
دەگەڵ خۆم ببمە بن زەوی
ئامۆژگارێکە ئەو خەونە
گەرچی بە ڕواڵەتیش کەونە
بۆ وەیە پەندی لێ گری
بۆچی وەها مات و سڕی
دڵ بە دونیایە مەبەستە
لە خەوی خەفڵەتێ هەستە
هەر شاد بژی تا دەتوانی
بە دڵ خۆشی و کامەرانی
نسحەتێکە و زۆریش بەجێ
بەو شەرتەی لەبیرت نەچێ
ئێتر چی دیم پێ نەماوە
وەک دەڵێن کاڵەم دڕاوە
"سونبول" وشەی کوردەواری
کردە ملوانکەی مرواری

****



## دانه كه وتی

له هەر چوار قوڕنەكەی دونیا وەدووم كەوتی ئەتۆ ئەی غەم
له ترسی وەی كه لێت ون بم نەئەسرەوتی ئه تۆ ئەی غەم

هەموو خەڵكت وه لاییك نا هەتا هۆشت له سەر من بێ
نه دا كەوتی نه دامركای نەقەت خەوتی ئەتۆ ئەی غەم

دەگەڵ زامی دڵی ڕێشم ئەتۆ هاواڵی دێرینی
له تەك گریانی پڕ سۆزم عەجەب جەوتی ئەتۆ ئەی غەم

له ژێر باری گرانی تۆ نەما هێز و چەما پشتم
كه قورس و نالەباری تۆ خەم و چەوتی ئەتۆ ئەی غەم

له بۆ خۆشی و له نێو ژین و له بەر حاڵی دڵی "سونبول"
ئەتۆ مانیع، ئەتۆ تاڵی، تەمی مەوتی ئەتۆ ئەی غەم

****

سونبول حەقیقی



## گلشن عشق و وفا

زاهد از دوزخ و ترسش مده پند
اینهمه روی و ریا تاکی و چند
از خرافات و حصارش به در آ
بگشا از دل و جان بند و کمند
نوبهار آمد و شادی کن و بس
تو به کوتاهی این دوره بخند
من و این باغ و گل و سرو و چمن
تو و آن جنت و طوبای بلند
نبوَد خوشتر از این لحظه دمی
عاقلان تکیه به فردا ندهند
نقش زیبا همه از صنعت عشق
آن که چون آتش و دل همچو سپند
"سنبل" و گلشنی از عشق و صفا
زاهدا گر تو نخواهی مپسند

****



## بولبولی گوڵزاری کورد

بولبولی گوڵزاری کوردم نەغمەخوانیم کردووە
بەو زمانە شیرینەی خۆم تا نەڵێن کورد مردووە

هەروەکوو کوردی هەموو جێ یێک لەدەست داگیرکەران
ناهەقیم دیوە و کوتومە و هەر دەڵێم کورد زیندووە

بمخەنە ژێر گڵ لە هەر پارچەی وڵاتی لەت لەتم
من دەڵێم خاکی گەلم ئەمنی لە باوەش گرتووە

کوردی هێژاپشتی یەک بگرن کە ئەو یەک بوونەیە
خەڵکی سەر کەوتووی وڵاتانی بەرەو پێش بردووە

تۆ مە لی شایی بە خۆی گوڵزاری کوردی، ژێر گڵیش
نامری بۆهۆزە کە ت "سونبول" بە کوردیت خویندووە

****



## پرسیار بپرسە

دە لێم دینێ دوروست کە م من بە دە ست خۆ
بچم بۆ نێو کەمین بۆ گرتنی تۆ

لە دینی تازە دا بۆ جەمعی ناشی
هەڵی بەستم درۆ زۆر زۆر بە باشی

هەمە فیکرم وە گە ڕ خەم بیخەمە کار
دوروستی کە م خورافات هە ر بە خە روار

خورافاتێ کە هە ر پووچ و بە تاڵە
نەجات بوونت لەدەستی وان مەحاڵە

وەڕێت دێنم وەها ترسێ لە قیامەت
کە فیکرێکت نەبێ غەیری نەدامەت

بە وەعدەی جەننەت و دۆزەخ، ئەگەر کوو
فریوم خۆی ئەتۆ، ژینت لەدەست چوو

هە موو دینێ بە ئامانج گە یوە ئاوا
ئە گە ر چی هە وە ڵێ کۆرپێکە ساوا



دوروستی کەم پەیامنێرێک ، کە تاکە
هەبووبێ ئەو کەسە یان نا چ، باکە

دەبێ بیکەم بە ڕاسپێری پەیامان
کە بۆ پرسیاری تۆ هەیبێ وەڵامان

دەکەم کارێ دەگەڵ ئەو دینە تازە
وەها بنوێنێ یانی پڕ لە رازە

بە یەک دوو فێڵی تر ، دینێ تەواوە
منیش وەک وانی تر، ئەوجۆرە باوە

لە سەد حەفتای هەموو دینێ یەکێکن
دەڵێی گشتی لە یەک زار و دەمێکن

بنووسم جا کتێبێکیش بە جوانی
کە لێی حاڵی نەبیو چی لێ نەزانی

دەبێ هەم بێ کتێبێ لەو قسانە
کە رەمز و رازی زۆر و بێ پسانە

دەڵێم ئیلهامە با زۆر موعتەبەر بێ
فریوخۆریش دەبا هەر بێ خەبەر بێ



کتێبی خۆم کە گەنجە و لابەلایە
دەنێمە دەستی چەند شێخ و مەلایە

بگۆڕن ناوەڕۆکی زیاد و یا کەم
بە قازانج و بە ئیشتیای خۆن دەماودەم

لە هەر بوارێ گرفتێ هاتە سە ر ڕێ
مەلا یا شیخ نەتوانێ پێشی بگرێ:

قسەی تازە لە لایەن ڕا سپاردە
دەنێمە نێو کتێبم ساف و سادە

لە بیرت بێ کە کار و باری پەرتووک
بە دەستی خۆمە کاری قورسی یاسووک

دەجا ئەودەم هەموو هاو کارەکانم
دەکەن کارێ لە پەرتووکم، دەزانم:

هەموو پرسیاری بێ ئیمان و کافر
وەیا مەڵعون و شەیتان تاکوو ئاخر

بتوانێ ڕەت بکا و دایان نشێنێ
نەهێڵێ هیچ کەسێ بێ جواب بمێنێ



له پەرتووکم که پیرۆزه و موبارەک
به خەروار ساز دەکەم بیکڕی به پارەت

دەگۆڕم دینی سەرگەورەی وڵاتێ
به فێڵ، بۆ خۆم لەبەر ڕۆژی نەهاتێ

دەدەم ئیزنی بگۆڕێ ناوەڕۆکی
کتیبی من، دەجا دەگرم به رۆکی:

دەبێ کارێک بکا ئەم چارەسازە
مروڤ بێنێته سەر ئەو دینه تازە

ئەوەی ناقایل و قەڵس و نەبا نن
به کوشتیان دا، وەها، خۆشیان نەزانن

ئەوا دەوڵەت وە یا هێزی نیزامی
که پشتیوانی من هەن با بزانی:

وەکوو گشت دینەکانی تر هەمیسان
به دەستی وان دەکەم کارێ که دیسان:

بسووتێنن کتێبخانان، له پاشان
بکووژن کافر و هەرکەس له حاشان



له زیندانی بخەن هەرکەس چپەی بێ
وه یا هەرکەس به دوای دابێ و لەپەی بێ

بکەن ئەشکەنجە زیندانی به جۆرێ
تەنانەت ناوی خۆشی لێ بگۆڕێ

بنێرن بۆ وڵاتی دووره دەستان
مرۆڤی زۆر بلێ و بێ دین و پەستان

وەرێ خەن چەن شەڕی پیرۆز له دوایە
هەموو دینێکی تر بگرن به کایە

ئەوەن مەشغووڵ دەکەین جا خەڵکی خافل
که نوقمی دینی من بن، لاق هه تا مل

له ئاخر دا ده بێ گشتی مریدان
به فەرمانم، دەگەڵ باقی عەبیدان:

به پێی ئەو کۆنه ئەسنادەی که ماوه
بکەن کارێ له تەک ئەم دینه لاوه:

له مێژوو دا هەتا سەر هەر بمێنێ
به روو بۆ و ڕیشه وو به رهەم بهێنێ



ئه تۆ ئیزنت نییه فیکرت هەبێ خۆت
هەموو فیکرێ ئەمن بۆتی دەکەم بۆت

ئەوانەم دارِژاند بۆ دینی نۆی خۆم
دەزانم زۆر بە باشی کار دەکەن بۆم

لە پێش دا دینە کانی تر کە ئیشیان
وەرێ کەوتۆ هەموو بەو شێوە کردیان

هەموو ئیدیولۆژیکانیش هەر ئاوا
لە مێشکمان دەکەن جێگا و ماوا

ئەمن ناکەم بە هیچ جۆرێکی تەوهین
بەکەس یاکوو بە ئەم دین و بە ئەو دین

ئەمر ناکەم لە کام باوەر بە دەر چی
وە یاکوو بیر و رای خۆت بێنیە سەر چی

دەڵێ "سونبول" نییە کەڵکی بترسی
کە دەستی پێ کەیو و پرسیار بپرسی

****



## بولبولی گوڵزاری کورد

بولبولی گوڵزاری کوردم نەغمەخوانیم کردووە
بەو زمانە شیرینەی خۆم تا نەڵێن کورد مردووە

هەروەکوو کوردی هەموو جێ یێک لەدەست داگیرکەران
ناهەقیم دیوە و کوتومە و هەر دەڵێم کورد زیندووە

بمخەنە ژێر گڵ لە هەر پارچەی وڵاتی لەت لەتم
من دەڵێم خاکی گەلم ئەمنی لە باوەش گرتووە

کوردی هێژاپشتی یەک بگرن کە ئەو یەک بوونەیە
خەڵکی سەر کەوتووی وڵاتانی بەرەو پێش بردووە

تۆ مە لی شایی بە خۆی گوڵزاری کوردی، ژێر گڵێش
نامری بۆهۆزە کە ت "سونبول" بە کوردیت خویندووە

****



# خافڵ

دەچینە ژێر گڵ، دەچینە ژێر گڵ
کورتی ژیانێ ژان دەخاتە دڵ

هەر ڕایان کێشا بە بێ پرس و ڕا
بەند و کەمەند و زنجیری سەر مڵ

دونیا هەتا سەر وایە و وا دەبێ
جا بۆ غەم بخوا وشیار و عاقڵ

ئەم کاتە مەرجە کە تێی دا دەژی
کەس نەهاتەوە لە دوایین مەنزڵ

"سونبول" بە دایم سەرو دل خۆش بە
لە دوو ڕۆژی ژین تۆ مەبە خافڵ

****

سونبول حەقیقی

درێژەی هەیە...



**پێرست :** **لاپەرە**


| | | |
|---|---|---|
| جوانه وەتەن | ........................................ | 1 |
| قبوولّی كه | ........................................ | 3 |
| شینی دایكم | ........................................ | 4 |
| كاروانی ژین | ........................................ | 5 |
| خۆش ویستن | ........................................ | 7 |
| جێی تۆ | ........................................ | 8 |
| كات(لحظه) | ........................................ | 9 |
| باغی پڕ گوڵی ژین | ........................................ | 10 |
| جایزه ی سولّح | ........................................ | 11 |
| خۆشه ویستی بۆ مرۆڤ | ........................................ | 13 |
| وه كوو یه ك | ........................................ | 14 |
| نیوه ی ڕووناكی شت | ........................................ | 15 |
| خودای جوانی | ........................................ | 16 |
| ئاشتی | ........................................ | 18 |
| جیاوازی | ........................................ | 19 |
| له خۆ بایی بوون | ........................................ | 20 |
| ڕابواردن له كات دا | ........................................ | 22 |
| چه ند به ره كی | ........................................ | 23 |
| چمان به سه ر دێ | ........................................ | 24 |




جوانی مرۆڤ ........................................ 25

مه كۆی ئازايه تی ........................................ 26

حاڵه تی ته مه ن ........................................ 27

زارۆكه ........................................ 28

كورتی ژين ........................................ 30

له خۆ بايی بوون ........................................ 31

عيشقی گەل ........................................ 32

ژن ....................................... 33

قافلەی ژين ...................................... 34

دڵی بێ خەفەت ...................................... 35

په يامی ئه وين ...................................... 36

وه جواب هاتن ...................................... 38

به خشينی موحه به ت ...................................... 39

باوه ڕ ...................................... 40

سووڕی دونيا ...................................... 41

له بيرت نه چێ ...................................... 42

دانه كه وتی ...................................... 45

پرسيار بپرسه ...................................... 48

بولبولی گوڵزاری كورد ...................................... 54

خافڵ ..................................... 55